| IRAQ - KURDISTAN PARLIAMENT<br>Kurdistan - Hawler | | پەرلەمانی کوردستان - عێراق<br>کوردستان - هەولێر |
|---|---|---|
| No. | | ژمارە: |
| Date: | | بەروار: |

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ژمارە: ١٨١
بەروار: ٢٠١٤/٥/١٢

## بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## ب / پرۆژە یاسا

سلاوو و ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە خوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پڕۆژەی ( حماية حقوق المرضى والكادر الطبي والكوادر الصحية ) بخرێتە بەرنامەی کارەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لە گەڵ ڕێزماندا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| -١ | بيار طاهر دوسكى | |
| -٢ | د. شيرين حسين رمضان | |
| -٣ | د. سراج احمد محمد | |
| -٤ | شوان شيخ ئەحمەد | |
| -٥ | زوزان صادق محمد صالح | |
| -٦ | وحيدة ياقو | |
| -٧ | تحسين [illegible] احمد | |
| -٨ | شيلان شيخ جعفر | |
| -٩ | حيات مجيد [illegible] | |
| -١٠ | هڤيا حاجي ميرخان | |
| -١١ | مردان احمد | |
| -١٢ | ناظم كبير محمد | |
| -١٣ | عبد [illegible] غزال | |

-١٤ ئومێد خۆشناو

# پرۆژە

## یاسای پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پزیشك و کارمەندە تەندروستییەکان

## لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠١٥

**هۆیە پێویستکارەکانی پرۆژەی ئەم یاسایە :**

١- بەرزکردنەوەی پلەی پاراستنی یاسایی بۆ گشت کارمەندە تەندروستییەکان لەگەڵ بوونی گەرەنتی بۆ نەخۆشەکان لە کاتی ڕوودانی هەر هەڵەیەکی پزیشکی بەبێ پشتگوێخستنی گرنگی بەرزکردنەوەی پرۆسەی نەشتەرگەریی نەوەك کۆتکردنی و وەرگرتنی نەخۆش بۆ بەرزترین پلەی خزمەتگوزاری تەندروستی لە چوارچێوەی بنەمای زانستی و ڕێکاری پزیشکی ڕووندا.

٢- بەرزکردنەوەی کارامەیی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەشکراو لە ڕێگەی بوونی ئاکارکردنی پێوانەیی بۆ ڕێکارە پزیشکیەکانی بەکارهاتوو لەگەڵ ئاکاری وەزیفیدا.

٣- سنووردارکردنی پیادەکردنە نابەرپرسەکان کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکەنە سەر گشت ئەو کەسانەی پیادەی پیشەی تەندروستی و پزیشکی دەکەن.

٤- دانانی ڕێکسازی کەوا پێزانینی مەودای دەرئەنجام بۆ دەستێوەردانی چارەسەرکاریی دیاری دەکات.

٥- بەشداریکردن لە پتەوکردنی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمیی ئەمەش بەشداری دەکات لە زێدەبوونی ڕاکێشانی نەخۆش لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

**ماددەی (١):**

ئەم یاسایە ناودەنرێت بە (یاسای پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پزیشك و کارمەندە تەندروستییەکان) و لە دوای بەسەرچوونی نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی کاری پێدەکرێت، و ئەم یاسایەش بەسەر گشت ئەو کەسانەی پیادەی پیشە دەکەن لە هەرێمی کوردستان — عێراق، پیادە دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

ئەم ووشەو دەستەواژانەی خوارەوە لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا بێن ئەو مانایەیان هەیە کە لە بەرامبەر هەر یەکێکیان دیاری کراوە:

وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان — عێراق.

وەزیر: وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان — عێراق.

ڕێسای پیشەگەریی: زانینی ڕێسا بنەڕەتییەکانی ڕەفتاری پیشەیی کە هەر پیشەیەکی تەندروستی یان پزیشکی دەیسەپێنێت کە لەگەڵ ستاندەرە زانستییە دانپێنراوەکاندا کۆکن.

هەڵەی پزیشکیی: لادانی پزیشك یان کارمەندی تەندروستی لە ڕەفتاری پزیشکی ئاسایی و ناسراو، لەگەڵ ئەو بەئاگایی و لێوردبوونەوەی پێویستی دەکات تا ئەو پلەیەی لەگەڵیدا گرنگیدان بە نەخۆشەکەی پشتگوێ دەخات، هەر چالاکیەك چ بە کردن بێت یان نەکردن کەوا لەگەڵ ڕێسا پیشەگەرییەکان نەگونجێت و زیانی لێ بکەوێتەوە.

خزمەتگوزاریی: هەر ڕێکارێك لە ڕێکارەکانی چارەسەری پزیشکی یان تەندروستی و پشکنینی سەرقەروێلەیی و تاقیگەیی و تیشکیی و چارەسەری پسپۆڕی و پرۆسەکانی نەشتەرگەری و لەدایك بوون و داودەرمان و مانەوە لە نەخۆشخانەو پێداویستی چارەسەری دیکە لەخۆ دەگرێت.

پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی: هەر کەسێك لەوانەی پیشەی پزیشکی یان تەندروستی پیادە دەکات هەڵدەستێت بە کارێك لە کارەکانی خزمەتگوزاری یان بەشدار دەبێت لە ئەنجامدانیان بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان بەو شوێنەی ئامادەکراوە بۆ پێشکەشکردنیشی.

تەشەنەکردنی پزیشکی: خراپبوونی باری پزیشکی نەخۆش سەرباری ئەو سڵکردنە پێویستانەی کەوا پێشکەشکاری خزمەتگوزاری دەیگرێتەبەر.

ژینگەی پزیشکی: ئەو شوێنەی خزمەتگوزاریی تیایدا پێشکەش دەکرێت و ئەو توانا ماددی و مەعنەوییانەی هەیەتی.

لیژنە: لیژنەی هونەری باڵای پێکهاتوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٣):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر پێشکەشکاری خزمەتگوزاری پیادە دەکرێت، کەوا پێشکەشکردنی چ بەکرێ بێت یان بەبێ کرێ.

**ماددەی (٤):**

بەرپرسێتی پزیشکی لە نێوان پێشکەشکاری خزمەتگوزاری و لە نێوان نەخۆش بەپێی ئەوەی ڕێسا پیشەگەرییەکانی پەیوەندار دەقی لەسەر دەکەن دروست دەبێت.

**ماددەی (٥):**

أ- وەزیر لیژنە لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیین بەناوی (لیژنەکانی ئاکارپێدان) پێکدەهێنێت، ئەرکەکەی بریتیە لە دانانی ئاکارپێدانی ستاندەرگەریی بۆ ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دیاریکردنی ڕێساو هەڵسوکەوتی پیشەیی و بەرزکردنەوەی بۆ وەزیر بەمەبەستی متمانە پێکردنیان.

ب- دیاریکردنی چۆنیەتی کاری لیژنەکانی ئاکارپێدانی پێکهاتوو بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (أ)ی ئەم ماددەیەو مەرجەکانی ئەندامێتی تیایانداو ژمارەی یاسایی بەستنی کۆبوونەوەکانی بەپێی ڕێنمایی کە وەزیر بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

**ماددەی (٦):**

ئەو شوێنانەی ئامادەکراون بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەمانەی خوارەوە پابەند دەبن:

أ- دانانی ئاکارێکی وەزیفی بۆ گشت کارمەندانیان کەوا تیایدا کارو ئەرکەکانی هەر یەکێکیان روون بکاتەوە بەو مەرجەی ئەم ئاکارە لە لایەن وەزارەتەوە متمانەی پیٚ بکرێت.

ب- دانانی رێنمایی و رێکسازیی رەفتاریی کەوا مافەکانی نەخۆش رەچاو بکات لە نێوانیشیاندا متمانەپێدانی نموونەکانی رەزامەندی و پێراسپاردن کە نەخۆش دەیبەخشێتە پێشکەشکاری خزمەتگوزاری لەکاتی پێشکەش کردنی رێکارە پزیشکیەکان بۆ نەخۆش.

جـ- رێکخستنی فایلێکی پزیشکی بۆ نەخۆش تیایدا سەرجەم رێکارەکانی خزمەتگوزاری بنووسرێنەوە.

**ماددەی (٧):**

پێشکەشکاری خزمەتگوزاری پابەند دەبێت بە ئاگادار کردنەوەی نەخۆش بەو رێکارە پزیشکیانەی بۆی ئەنجام دەدرێت و ئەو تەشەنەبوونە پزیشکیانەی لەناو سنووری قەبولکراو لەرووی زانستی و جیهانییەوە پێشبینی دەکرێن.

**ماددەی (٨):**

أ- بەبڕیاری وەزیر لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی هونەریی باڵا) لە حەوت کەس پێکدەهێنرێت بەو مەرجەی لەنێوانیاندا پێنج پزیشکی پسپۆڕ هەبن لەوانەی خاوەن بەرزترین ئاستی پیشەیین و لەوانەی لەم ئاستەدا پیادەی پسپۆڕی خۆیان کردووە بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و دوو کەس نوێنەرایەتی پیشە پزیشکی و تەندروستییەکانی دیکە بکەن.

ب- لیژنە لە یەکەم کۆبوونەوەی گرێدراوی سەرۆکێك و جێگرێك لە نێوان ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێرێت.

جـ- ماوەی ئەندامێتی لە لیژنە دوو ساڵی شیاوە بۆ یەکجار نوێکردنەوەو وەزیریش بۆی هەیە بەر لە تەواو بوونی ماوەی ئەندامێتی هەر ئەندامێکی بە یەکێکی دیکە بگۆڕێتەوە.

د- لیژنە لەسەر داوای سەرۆکەکەی یان جێگرەکەی لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا کۆدەبێتەوەو کۆبوونەوەکەی یاسایی دەبێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی و بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی دەردەکات.

هـ- ئەندامانی لیژنە بەر لە دەسکردنیان بەکارەکانیان لەبەردەم داواکاری گشتی یان دادوەری ئاشتبوونەوە کە دەعوایەکەیانی بۆ رەوانەکردووە ئەم سوێندخواردنەی دادێت ئەنجام دەدەن: "سوێند دەخۆم بەخودای مەزن کەوا بەئەمانەت و دڵسۆزییەوە کار بکەم و کارو ئەرکەکانم بابەتیانەو بیٚ لایەنگیریی بەبیٚ هیچ جیاکارییەك ئەنجام بدەم".

**ماددەی (٩):**

سەرەرای ئەوەی لە هەر یاسایەکی دیکەدا هاتووە، ئەگەر سکاڵایەك دەرهەق بە هەر یەك لە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری پزیشکی پێشکەش بکرێت بەهۆی پیادەکردنی پیشەکەی، ئەوا داواکاری گشتی یان دادوەری ئاشتکردنەوەی تایبەتمەند ئەو